# "هەڵبوونەوەی چوارچرا"

عەبدولخالق سەرسام .......

ئەو رۆژگارەی شەوەکانی ساڵە و ساڵ بوو،خۆریان لە کورد دەشاردەوە، شەمشەمە کوێرە ڕەشەکانیش بەری تیشکی مانگیان گرتبوو، دێوە دێزەکانی چیای قافیان کەل کردبوو بێنە دەرێ بەدوای تەتەری مردن و خوێن بکەون، بە کرۆك شەوارەی خواستبوو، ببون بەچوار لەنێوانی عەشقە سەرمەدیەکان، هەموو هاتن لەهێزی شەختەو تۆفانە ئەهریمەنیەکان، مۆرانە گەمارووی گوڵی دابوو مێرووله دەوری خەرمانە گەنمەکان.. حەوتا ساڵ لەبێ بارانی و قاتوقڕی وکلۆ باران.. چەکمە سۆرەکان، دەغلو دانی عەمبارەکانیشیان تاڵان کرد. بێچووەکانی خاوەن عەمباریشیان خنکاند .. یوسفیان دەرخواردی گورگ دا..

ئەو شەوانەی شەوارە هەموو کون بەکون بەدوای بێشکە دەگەڕا... دەسرازەکانیشی هەڵدەلوشی.. نەقیامەت بوو، نەسەفەر بە لوگ. نە دوکەڵو هەڵمە ئاگری هێروشیما.. ئاخر (بێت گاراو) "مەساسیر" چی کردبوو تا غەزەبی شمشێرە ژەهرداره ژەنگاویەکان ئەم تۆفانەی بۆ هەڵچنێ، لەژێرخاك و لە ئاسمان و لەهەر چوارلا رووباری ئاگری بۆ بکرێتە پشدێن، چەند چاوچنۆکو درندە بوو، ووشەی دەمی مردوەکانیشیان دەخوارد، خەند نێو بێشکەیان دەدزی خوێنی زەیستانیان هەڵدەمژی، تاعوون و کولێرە یان دەچاند.. ئاخر بۆ هێندە چاوچنۆك و دڕندەو برسی بوون..

ئەو رۆژانەی هەمووی تێکڕا بوون بەشەو، ئەوان لەگەڵ تاریکیدا زاوزێیان کردبوو.. دەستیان بۆ ئاتمەشگاو (ڤاری) رۆژگاری شەختە بەندیش درێژ دەکرد، تەپەداری پاپۆڕی نووحیشیان دەخوارد.....

زانیم .... زانیم.... دۆزیمەوە ... ئەوانە مردنی بیابانەکان بوون ئەوانە مردوو زیندەخۆربوون "هاری" هەموو جەستەیانی داگرتبوو.... کولیکە نەهێڵن زاوزێ بکا... بەهار لە کژەکان دەربهێنن.. هاوین بکەن بە دۆزەخ و زستانیش بەشەختەی ئەزەلی .... چ پایزێکی گەردوونی بوون بستێك خاکیان لەو سەرو ئەو سەری زاگرۆسوو پێدەشتەکانی نەهێشت پەپولەیەك باڵە فرکەی تێدا بکات...

من لەبیرم ناچێت.. چۆن چوارچراکەیان خامۆش کرد.. چۆن قازیان بەمەندیلی ئیمامەتیەوە هەڵواسی چۆن شێخ سەعیدیان بەسەر قورئانەکەوە کوشت دەیانەویست تەرمی بارزانی بدزن. بەدرخانو خانەدانی و ئاوەدانی لەم دەڤەدا نەهێڵن... (عفرین) بکەن بەمزگەوتێکی گەورەی تازیمانەی هەمیشەیی ئەرێ گەلانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ... خۆ ئێمە مەسیحمان نەکوشتوە (بوژا) مان لە یۆگا هەڵنەساندوە تەنیا

کۆترێك و (پۆپیتە سولەیمانەیەکیشمان) ئازار نەداوە ئەی ئاهورا... بۆ بەتەنیا بەجێت هێشتین... نەت دەزانی ئەوانە گورگن لەپێستی مرۆڤدا.... ئەوانە ئەهریمەنین گۆڕەپانیان بۆ چۆڵ بوو. دە (خۆر) ەکانی حەوت ئاسمانان بەڕەڵلاکە ئەستێرەکان ببارێنە ... ( سجیل) بدە لەسەرسینگیان گەردەلولی دۆزەخیان بۆ شۆڕکەوەو هەڵیان بمژێ ئێمە لەنگەری ناوەراستی ئەم جیهانەین، نوح لەسەر کێوەکانمان گەرای ژیانی داناوە، ئێرەیە لانکی مرۆڤایەتی هەر لێرەوەش دەبێ مرۆڤی مرۆڤ لەدایك ببێتەوە سۆمەریەکان لەباوەش کەین... هەر لێرەوەش دەبێ دەورو پشتمان فێرە بیری چاك و ووتەی چاك و کردەوەی چاك بکەینەوە...

ئەی ئاهورا ئەستێرەو خۆرەکان بێنەوە نێو ئاسمانی کوردستان – پێویستمان بەزەردەشتێکی دیکەیە... ئەی ئاهورا گڕ لە تاریکی هەموو جیهان بەربدە.. ئەی ئاهورا دیسان وەرەوە مناڵە ئەنفالکراوەکان نزگرەیان گرتووە بەهەموو دایکانی ئەم سەر زەویە ژێر نابتەوە تۆیان دەوێ.... ئەی میهری میهرەبان ئەی میهری میهران .. ئەی ئاهورا.... بارانی پیرۆز ببارێنە خێزانە ئەنفالکراوەکان زیندوو ببنەوە ... باسی نینۆکە تیژە ڕەشو چڵکنەکانی ئەهریمەنت بۆ بکەن باسی دانی بەخوێن و تیژی داس ئاسا بەجیهان ڕابگەبێنن چۆن مناڵی لەبێشکەدا دەخوارد چۆن دەستیان بۆ ناموسی پیرۆز درێژ دەکرد دەوەرەوە ئەمجارە گوتی و میدی و کاردۆخیەکان بکەرە حەوتەوانەی رۆناکی و پیاو کوژانی ئەهریمەنی بکەرەوە سیسرکە ڕەشەی مەنهۆڵە تاریکەکانی ژێر زەمین. و چوارچرای تۆڵە هەڵگیرسێنەوە هەتا هەتایێ سنوورەکانی تاریکی لەسەر خاك بسترێتەوە چوارچراکان بکە بەخۆر.

---